**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی هونەرەجوانەکان**

**بەشی شێوەکاری/ سیرامیک**

زانکۆی سلێمانی

**توێژەر: ڕۆژگار کمال محمد/ کۆلێجی هونەرەجوانەکان/ زانکۆی سلێمانی**

Rozhgar.muhamad@univsul

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٩/٢٣ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٠/٨**

# گرنگی تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا

## پوختە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (گرنگی تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا) وە تایبەتمەندییەکانی تەکنیک و جوانی شووشە لە هونەری سیرامیکی تازەدا .

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە چواربەش، بەشی یەکەم پێکهاتووە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە کە کێشەی توێژینەوەکە لە کۆتاییدا بە پرسیار ئاڕاستە کراوە، وە گرنگی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا چی یە؟

وە گرنگی توێژینەوەکەو ئامانجی توێژینەوەکە مەبەستمان ئاشنابونمان و زانینی گرنگی تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا، پاشان دەست نیشان کردنی سنوری توێژینەوە کەتایبەتە بە تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە هونەری هاوچەرخدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٥-٢٠٢٠ کە وەرچارخانێک بوو بە تایبەت لەو ساڵانەدا، وە دیاری کردن و پێناسەکردنی چەمکی زاراوەکان.

بەشی دووەم پێکهاتووە لە دوو توێژگە، توێژگەی یەکەم دەربارەی هونەری سیرامیکی هاوچەرخ وە توێژگەی دووەم دەربارەی تایبەت مەندییەکانی تەکنیک و جوانی سیرامیک و پرۆسەی شووشە کردن، وە ئەو توێژینەوانەی کە پێشتر بە ئەنجام گەیەندراون و نزیکن لەم بابەتەوە، وە پاشان پشاندانی چەند نموونەیەک کە لەلایەن توێژەرەوە بەکارهێنراوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لە چوارچێوەی تیۆریدا. هەرچی بەشی سێهەمە تەرخان کراوە بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە، لەوانە توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدی وەصفی بۆ ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (٦)کاری سیرامیکی لە خۆ گرتووە ، نموونەی توێژینەوەکە لە سێ کاری سیرامیکی هاوچرخ پێکهاتووە کە لەلایەن توێژەرەوە دەست نیشان کراوە و شیکاری بۆ نمونەکان کراوە. لە کۆتاییدا بەشی چوارەم ئەنجامەکان لەخۆ دەگرێت کە گرنگترینیان:

* لە ناو بەرهەمە سیرامیکییەکاندا گرنگی تەواو دراوە بە رەنگ و شووشەو تەکنیکی کارکردن

لەبەر رۆشنایی ئەنجام و گفتوگۆکەدا دەرئەنجامەکان دیاری کراون کە گرنگترینیان ئەمانەن :

* ڕۆڵی تەکنیک لە کاری سیرامیکدا وە گونجاندنیان لەگەڵ شوشەی بەرهەمەکەدا .

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا پێشکەش کردنی راسپاردەو پێشنیار دەربارەی ئەم توێژینەوەیە دواتر سەرچاوە و پوختەیەک بە زمانی عەرەبی خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم ( چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە)

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

لە پێش هەموو شارستانییەت و گۆرانکاری و پێشکەوتنەکانەوە هونەر پاڵنەرو هاوکارو پشتیوان بووە لە هەموو سەردەمەکاندا، وە هونەر هەڵگرو وەرگێر بووە بۆ هۆکاری بوون و دەستکەوتەکانی ئەم شارستانییانە، هەروەها زانستیش پەیامێکی گەورەی هەیە لە هەموو کات و شوێنەکاندا، کە هەمیشە وای کردووە مرۆڤایەتی بە زیندویی بهێڵێتەوە، لەبەرئەوە هونەرو زانست هەمیشە هاوشان بوون بۆ خزمەت کردن بە مرۆڤایەتی، وە هونەر دەتوانێت گۆرانکاری و ئاماژە بە جوانناسییەکان بکات لە ڕەنگ دانەوەی جوڵەو گۆرانکاری و چێژی جوانی، هونەرو ژیانیش یەکێکن لە هەلومەرجەکانی دەربرینی ئەزمونەکانی مرۆڤ لە پێکهاتەکانی هونەر بەگشتی و هونەری سیرامیک بەتایبەتی دووپات دەکاتەوە لە پرۆسەی گۆرانکاری تەکنیک و ڕەنگ لە پێهاتەکانیدا کە تیایدا بەرجەستە دەبن کە لە ژیانی بەکاربەرییەوە گۆردرا بۆ تەکنیکی هاوچەرخ .

وە کاتێک دیالێکتیکی (تەکنیکی) بینین و نواندن لەو کاتانەی کە هونەری سیرامیک خێراتر بەرەو پێشەوە دەچێت بەهۆی کاریگەری ژیانەوە، وە کاتێک دەروانینە بەرهەم و کاری هونەرمەندان ئاستی جیاواز تیایاندا بەدی دەکرێن لە ڕووی شێوازو تەکنیک و رەنگەوە کە ئەمەش پەیوەندی بە ئەزمونی تەکنیکییەوە هەیە لەم بوارەدا .

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین سیرامیک دەوڵەمەندە بە تەکنیکی جۆراو جۆر کە ئەمەش بۆتە هۆی بەرز کردنەوەی ئاستی هونەرمەندان لەسەر ئاستی جیهان . وەک هەر یەکێک لە هونەرەکانی دی ، تەکنیکی شووشەی سیرامیکیش وای کردووە کە هەنگاو بە هەنگاو تێبپەرێنێت بە تایبەت لە پێکهاتەی کیمیاوی شووشەدا.

لێرەدا توێژەر مەبەستێتی کە باس لە شووشە و گۆرانکاری تەکنیکی شووشە بکات، کە ئایا پێگەیەکی لەم هونەرەدا داگیر کردووە یاخود جێگەی خۆی کردۆتەوە ؟

وە گرنگی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا تا چەند ڕۆڵی هەیە ؟

### ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:

١-گرنگی تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا

٢- گرنگی تایبەت مەندییەکانی تەکنیکی شووشە کردن

**٣-١ ئامانجی توێژینەوەکە:**

زانینی گرنگی تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا

**٤-١ سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٥ – ٢٠٢٠

**٥-١ چەمکی زاراوەکان:**

زاراوەی سیرامیک Ceramic/ بریتییە لە گڵی جۆشدراوی شووشەکراو. ئەوەی لە قوڕ دروستدەکرێت و بە ئاگر سووربکرێتەوە لە پلەی گەرمیی پێویستدا.

فیروز ئەیاد، دەربارەی سیرامیک دەڵێت ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان دەست و قوڕو ئاگردا دروست دەبێت، دواتر دەستکەوتێکە کە ئەنجامەکەی لەو شێوانەوە دەستمان دەکەوێت کە دروستیان دەکەین پاشان ڕووپۆشیان دەکەین بە گیراوەی شووشە (العیساوي، ١٩٩٥،ل٤).

پێناسەی ڕێکاری سیرامیک/ بەرهەمێکە لە گڵ دروستدەکرێت دوای وشکبوونەوە دەکرێتە کوورەیەکی تایبەت بە سیرامیک، لە پلەیەکی دیاریکراودا سووردەکرێتەوە بە مەبەستی پتەوبوونی، پاشان شووشەدەکرێت و دووبارە دەکرێتەوە ناو کوورە، ئەمەش بۆ دوو مەبەستە، یان بۆ جوانکاری وەک بەرهەمێکی هونەری، یاخود بە مەبەستی بەکارهێنان بۆ پێداویستیی ڕۆژانە.

**بەشی دووەم ( چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە )**

**توێژگەی یەکەم**

**١-١ پێشەکی:**

توێژینەوە لەسەر گۆڕانی تەکنیکی کاریگەری هەیە لەسەر دۆزینەوەی جۆرەکانی تەکنیکی شووشەی سیرامیک، جیاواز لەو شێوازە باوەی کە لە شووشەی ئامادەکراودا هەیە، بۆیە دەکرێت ئەو تەکنیکانە بژمێردرێن، هەروەها سیرامیکی نائاسایی کاریگەری و جوانی تایبەتی هەیە، بۆیە توێژینەوە لەسەر سیرامیکی تایبەت دروست بووە ، کە لەسەرەتادا ئاشنا نەبووە بە چاوی بینەر کە تەکنیکی جێبەجێ کردنی زۆر جیاوازە لە تەکنیکە باوەکان.

**٢-١ مێژووی تەکنیک لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ**

ڕۆچونە ناوەوەی تەکنیکی شووشە کردن و گرنگی پێدان و هەروەها تاقی کردنەوەی [*](ئەکاسیدەکان) و بەکارهێنانیان لە پرۆسەی داپۆشینی کاری گڵجۆشی بە ئەکاسیدی ڕەنگەکان بە پێی پێوەرەکانی شووشەکردن و گواستنەوەی بۆسەر کارە گڵجۆشەکە . کە یەکێکە لە خاڵەکانی کاری جوانناسی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا، بۆیە زۆرجار کە تاقی کردنەوە دەکرێت لەسەر تێکەڵەی شووشە ، جەخت لەسەر دروست کردنی گۆڕانکاری تەکنیکی کراوە.(خریسات، ٢٠٢٢، ل١)

لەڕاستیدا ئەمانە گۆڕانکاری گرنگ و سەرنج ڕاکێشن، بەوجۆرەی کە تایبەتمەندی ڕەنگی شووشەیی و شێوازی ڕوکەشی سیرامیک دەگۆڕن. بۆیە گەڕان بۆ ئەم گۆڕانکارییە تەکنیکییانە لە

کاری هونەری سیرامیکدا دەتوانین جیا بکرێنەوە لەو شێوازە ڕوپۆشکردنە شووشییە تەقلیدییەی کە پێشتر ئامادە دەکرا، هەروەها سیرامیکی هاوچەرخ کاریگەری هەبووە لە شێوەی نەریتی بنیاتنان و پێشکەوتنی بۆ تەکنیکی نوێ و جۆراوجۆر، کە کاریگەری هەبووە لە سیرامیکی هاوچەرخ، هەروەها تەکنیکەکان ڕۆڵێکی فکری و ڕەمزی و گوزارشتییان هەبووە لە نیشاندانی لایەنی جوانیناسی و دەربڕین بۆ ئەو کارە هونەرییەی کە بۆ فۆرمو ڕەنگ بەکارهاتووە بە تەکنیکێکی نوێ و هونەرییانە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ سەردەمدا، وەک لە وێنەی (١-١)دا دیارە . وە هونەرمەندی سیرامیک دەستی کرد بەوەی کە سیرامیک لە پێداویستی ڕۆژانەوە بروات بەرەو بیرۆکەی نوێ بۆ دەربڕینی بەها جوانناسییەکان لە ڕێگەی تایبەتمەندی تەکنیکی هەر بەرهەم و ماددەیەک کە بەکاردەهێنرێت . کە ئەو فۆرمە هونەرییەیە کە کاری هونەری جوان دەکات یان ناوەرۆکەکەی، چونکە جوانی بەپێی هونەری فەلسەفەی (ئەفلاتون) سەربەخۆیە لە راستی بوون و لە سود بوون. چونکە فۆرمەکە کۆکراوەی ماددەیەکە بەشێوەیەکی دیاری کراو، ڕێکخراو کە حاڵەتی جێگیری مادییەو ئەمەشە کە وا دەکات بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دەیبینێت. (السلطاني، ٢٠١٣، ل٥٠-٥١)

وێنەی (١-١) شێوەی سیرامیکی نوێی هاوچەرخ

---

*ئەکاسیدەکان: بریتییە لە کۆمەڵێک ئۆکسیدی کیمیایی کە بۆ گیراوەی شووشەی سیرامیک بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی ڕەنگکردن.

پرۆسەی داڕشتەی شێوەکاری تەنیا بەبەکارهێنانی تەکنیک ئەنجام دەدرێت، چونکە تەکنیک بەشێکی گرنگی پێکهاتەی دەستکەوتی هونەری بووە بە دیاری کراویش لە بواری سیرامیکدا، هەروەها گەشەسەندنی زانستیش کاریگەری هەبووە لەسەر هونەر بەتایبەت هونەری سیرامیک، لە کاتێکدا لە سیرامیکدا تەکنیک هەنگاوی یەکەمی هەبووە کە لەگەڵ هەڵکشاندا ئەمیش گۆرانکاری بە خۆیەوە بینیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەمەیە لە سیرامیکدا بەشوێنیدا دەگەڕێین، کە هەندێکجار لە بەرهەمی سیرامیکدا لە هەندێک شوێندا گوزارشتیان لە کەسایەتی کۆمەڵگایەک کردووە کە پەیوەستن بە تێکەڵبون لە شێوازو لە فۆرمە جیاوازەکاندا. (ابابیل، ٢٠١٩، ل٥)

بۆنموونە هونەرمەندانی سیرامیک سازە ئەمریکاییەکان چەندین خامەی جۆراو جۆریان بەکارهێناوە لە بەرهەمهێنانی کارەکانیان و گوزارشت کردنیان وە بەکارهێنانی بیرۆکەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی رۆژانە لەگەڵ بەرزبونەوەی تایبەتمەندێتی بۆ پۆست مۆدێرنێتی بوون، لە پێکهاتەی

دەقی سیرامیکەوە سەرسامی لە هزری وەرگردا دروست دەکات بۆ پەرۆش بونی و بڵاوکردنەوەی ماناکان بۆ فرە واتا بە پێی بینینی وەرگرو پلەی کاریگەری لەسەر کاری سیرامیک.(رباب، ٢٠٠٤، ل٢٨٣) ئەمەش بە هەڵوەشاندنی میتۆدەکانی رەخنە پشتراست کراوەتەوە و لێکدانەوەی بۆ کراوە، رەنگە یەکێک لە گرنگتین هۆکارەکانی کە سیرامیکی ئەمریکی بۆ تەرخان کردووە ئەوەیە کە پەیوەست نەبون بە نەریتێکی هونەری کۆنەوە (نبیل، ٢٠١٤، ل١٥٣) وەک لە وێنەی (١-٢) دا .



وێنەی (١-٢)پەیوەست نەبون بە نەریتێکی هونەری کۆنەوە

## ١-٣ تایبەت مەندییەکانی جوانیناسی لە تەکنیکی سیرامیکدا

هونەری سیرامیک یەکێکە لە هونەرە جوانەکان و دانسقەکانی بواری شێوەکاری کە گرنگی خۆی هەیە لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا، کە ئاماژەیە بۆ پێوانەکردنی ئاستی جوانی وە تایبەت مەندی خۆی هەیە، جگەلەوەی کە ڕەگەزە هونەرییەکانی هاوشێوەی هەندێک لە هونەرەکانی تری وەک (تابلۆ، پەیکەرسازی، دیزاین)ە بەڵام بەرهەمی هونەری خۆی پشت بە فاکتەری ئەو ماددەیە دەبەستێت کە پێکهاتووە تیایدا. وە هەروەها سیرامیک دەچێتە بواری زانستەوە لەسەر بنەمای کیمیای رەنگ و ماددە خاوەکان و جۆری تەکنیکی کارەکەو توخمەکان جیا لەوەش لە تایبەت مەندێتی هونەری و تەکنیکی جوانناسی تیایدا.

سیرامیک وەک هونەرێکی هاوچەرخ جێگۆرکێ لە داتاو کارو بەکارهێنەرەکەی دەکات کە بەرەو کاریگەری لەسەر خودی جوانی هونەرمەندەکە دەبێت، یان لەشێوەی کۆکەرەوەدا کە وەک مرۆڤ کار دەکات و دەتوانێت جێگیربێت یان بزواندنێکی دینامیک بێت و سەرنج راکێش و کاریگەر بێت.(فهمي، ٢٠٠٨، ل٢١٥)


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کاری سیرامیک بووە بە کاری هونەری لە دەرەوەی بازنەی کاری بەکاربەرو بە شێوەیەکی فراوان چووە ناو بازنەی جوانی ناسی و لە سیرامیکی بەکارهاتوو ئازاد کرا لەگەڵ شێوازی گوزارشت کردن کە هەموو ئەمانە بونەتە بەشێکی گرنگ لە تەکنیکی هونەری سیرامیکی هاوچەرخ وە هەموو ئەمانەش کاریگەری هونەری دروست دەکات لەسەر ماتریاڵ و ناوەرۆک و فۆرم و رەنگ و دەربرین، وەک لە وێنەی (١-٣)دا دیارە .



وێنەی (١-٣) تەکنیکی سیرامیکی هاوچەرخ لە دەرەوەی بەکارهێنەر

لێرەوە دەتوانین بڵێین تەکنیک گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر جوانی، کە ئەمەش وادەکات بریقەو جوانی کارەکە بینەر بۆلای خۆی رابکێشێت، جا تەکنیک بێت یاخود شووشە بێت، رەنگە بۆچونەکان دەربارەی تایبەتمەندی جوان ناسی جیاواز بن بە پشت بەستن بە میتۆدی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو چێژی وەرگر.( نبیل، ٢٠١٤، ل١٥٥)

ئەگەر نموونەیەک وەربگرین (تەکنیکی قورێکی رەنگ کراو) دەتوانین زۆر شێوازی کارکردن بدۆزینەوە، وە هەر هونەرمەندێک شێوازێکی دیاری کراو بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی جوانی.

هەندێک بەشێوەی نیگارکێشان یان فلچە یان چەقۆ یان بە زیاد کردن یان تێکەڵاو کردن یان رەنگ کردن یان هەڵکۆڵین چەندین شێوازی تر کە هەر هونەرمەندەو بە جۆرێک کاری پێ دەکات، واتە شێوازی دەربرینی جوانی لای هەر هونەرمەندێکی سیرامیک بەجۆرێکە، لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت کە هەر یەکێک لەو ماددە خاوانە پەیامی تەواوکاری هەیە بۆ ئەوی ترو وە تێکەڵ کردنی ئەو ماددانە لە کۆتادا دەبن بە یەک زمان، ئەوەش کە خەیاڵی هونەرمەندی داهێنەرو شێوازە تایبەتەکەی کە دەتوانێت هاوسەنگی ئەم ماددانە بکات (لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە دەیبینین و پەیوەندی هونەرمەند بە میدیا هونەرییەکەیە وە ململانێیەک لە نێوان پەیوەندی و فراوانبونی ئەو ماددەیەی کە کاری تێدا دەکات، سنوردارنەکات یان بەرەنگارییەک نییە بەڵکو بینین و ئایدیایەکی فیزیکییە کە خاوەنی جوانی ناسییە .

تایبەتمەندی ئەگەری دەربرینەکانی هونەرمەندو ئاماژە بۆ سۆزی خۆرابەرایەتی دەکات بۆ گەیشتن بە شوێنێک کە خۆی ئاواتی بۆ دەخوازێت بە دەستی بهێنێت، بەم شێوەیە شۆرشی تەکنیکی مۆدێرنی درێژ کردەوە هونەرمەند بە میدیای داهێنەرەوە، لە سروشتدا بەردەست نییە ئەگەرەکانی

پێدانی فۆرمی بێمتمانەیی پێ بەخشی و ڕێگەی نادیاری بۆ کردەوە بۆ شێوازی نوێ ی دەربرین و گوزارشت کردن،(إلاس، ٢٠٢١، ل٣١٠)، وە هەروەها تەکنەلۆژیا بووەتە ڕۆحی سەردەمی مۆدێرن، نوێنەرایەتی نەک هەر کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، بەڵکو بۆ زانست و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانیش دەکات، هەوەها رۆحی سەردەم و چەمکە مەعریفییەکانی شی دەکاتەوە. هەروەک لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانییەوە *(شپنکلەرەوە) پشت راست کراوەتەوە، پێزانینی بەوەی کە پێناسەی چەمکی تەکنەلۆژیا و پەیوەندی بە ئامرازو ئامێرو تەنانەت سەردەمی ئۆتۆماتیکیش نییە، لە بنەرەتدا کردەیەکی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی گرنگە کە پلان و ستراتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان دادەرێژێت و گەشەی پێدەدات.

تەکنەلۆژیا باشترین هۆکارو ئامرازی پێشکەوتنی زانستە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستی چەمک و هونەرو داهێنەرەکانی، ئەمەش ئەو شتەیە کە *(مارتن هایدگەر) نزیک بووەوە کاتێک تەکنیکی پێناسە کرد وەک (ئەو بەرهەمە هونەری و عەقلی و دەستییەیە کە کۆمەڵێک میتۆدی پراکتیکی کە مرۆڤ لە کارەکەیدا بەکاری دەهێنێت بۆ تەواو کردنی تواناکانی بۆ ئەوەی ئەو پێداویستییانە پر بکاتەوە کە لە چوارچێوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەی و قۆناغە مێژوییەی خۆیدا دەردەکەوێت) . لەوەتەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەردەوامە بە مەبەستی ئاسانکاری و پێشکەوتنی هەموو شتێک بە باشترین، چونکە هونەر یەکێک بووە لەو ئاراستە کراوانەی کە تەکنەلۆژیا دەستی تێوە گلاندووە لە یارمەتی دانی بەدیهێنانی ئایدیاکان و پێشکەوتنی هونەر(نوێگەری بە پێشکەوتنی میتۆدی نوێی مەعریفە وە دابەش دەکرێت لەسەر بنەمای گواستنەوەی لە مەعریفەی ئیسلامییەوە بۆ مەعریفەی تەکنیکی) گرنگ نییە چەند تەکنیک لە تەواو کردنی کارەکانی هونەردا بەکاردەهێنرێت،(إلاس، ٢٠٢١، ل٣١٢) گرنگ تایبەتمەندییەکانی هونەر بەردەوام لە ڕۆحی تایبەتی هونەرمەندو کاریگەری سۆزدارییەوە لەو ماددە بەکارهاتووەدا سەرچاوە دەگرێت .

## بەشی دووەم ( چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە )

### توێژگەی دووەم

### ٢-١ پرۆسەی شووشە بوون:

پرۆسەی تواندنەوەی گڵ و شووشەیە، تا دەگاتە پلەی پێگەیشتن لە جەستەیەکی تەواو ئامادەدا، پاشان بۆشایی ناو گڵێنە جۆشدراوەکە پردەبێت لە شووشە و دەتوێتەوە بەهۆی پلەی گەرمییەوە.

ئەمە پرۆسەیەکی گەرمی کیمیاییە کە لە جەستەی گڵجۆشدارەکە ڕوودەدات کە بە چینێکی شووشەیی داپۆشیوە کە دواتر دەدرەوشێتەوە، ئەمە جگەلەوەی کە وا دەکات رەقتر بێت و ئاسان پاک بکرێتەوە و سەرەڕای ئەمانەش

---

*مارتن هایدگەر، لە ٢٦ی ئەیلوولی ١٨٨٩، لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بووە، لە ڕیزبەندی سەرەکییەکانی بوونگەراییدا هەژمار دەکرێت. لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ لە شاری فرایبۆرگ، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کۆچی دوایی کردووە

جوانیش دەبێت و بەرگری زیاتر دەبێت بەرامبەر هۆکارە سروشتییەکان.(الزبيري، ٢٠٢٢، ل٣٤) وەک لە وێنەی (٢-١)دا دیارە .



وێنەی (٢-١) دەرهێنانی بەرهەمەکان لە ناو کورەدا دوای شووشەکردن

### ٢-٢ جۆرەکانی شووشە لە ڕووی تەکنیکییەوە لە بەرهەمی هونەریی گڵێنەسازیدا

بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شووشە کردن لە کاری سیرامیکدا بە چەند فاکتەرێک دیاری دەکرێت کە پەیوەندییان بە قەبارەو شێوەی پارچەی سیرامیکەکەوە هەیە، هەروەها لە دوای گەرم کردن و سورکردنەوەی بەرهەمەکە دتوانین بە چەند رێگایەک یاخود چەند ئامرازێک شووشە کردن ئەنجام بدەین.

ئەم پرۆسە زانستییەی تەکنیکی شووشە بەهۆی کارلێکی خامە سیرامیکییەکانەوە ڕوودەدەن (بەهۆی گەشەی گەردیلەو کریستاڵەوە)، کە بە بەشێکی کاری هونەری هەژمار دەکرێت، کە تەکنیکی بێکۆتایە و مێژوویەکی دەوڵەمەند و دوورودرێژی هەیە. کە لە کۆمەڵێک توخمی بنەڕەتی پێکهاتووە و لەگەڵ مادده ڕەنگدارەکاندا تێکەڵدەکرێن، پاشان پێکەوە دەتوێنرێنەوە بۆ بەرهەمهێنانی مادده خاوەکە.(Casasola, 2012,p47)

لە ناو سیرامیک و شووشەی سیرامیکدا لە ڕووی تەکنیکییەوە دەکرێت بە چەند بەشێکەوە، کە لە ڕووی ئەزموونەوە پێی گەیشتوین، هەروەها دابەشدەبن بەسەر سیرامیکی پلە گەرما نزم و مامناوەندو بەرزدا. وەک لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

### ٢-٣ شووشە پلە گەرما نزمەکان:

### ٢-٣-١ تەکنیکی شووشەی سیرامیکی ڕاکو Raku ceramic Glaze Technique

تەکنیکی ڕاکو مێژووەکەی بۆ سەدەی ١٦ دەگەڕێتەوە، سەرەتا لە چین سەریهەڵداوە، دواتر لە یابان گەشەیکردووە، پاشان بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاواو دواتر ئەمریکا چووە، سەرەتا بە شێوەیەکی نەریتی بە دەست دروستکراوە و لەسەر چەرخی گۆزە دروستنەکراوە (صاحب،٢٠٠٥،ص٣٦ ). تەکنیکی ڕاکو لە بنەڕەتدا کاتێکە، کە بەرهەمە سیرامیکییەکە لە کوورەکەوە وەردەگیرێن، لەکاتێکدا هێشتا بە گەرمی سوور دەدرەوشێنەوە و دواتر دەخرێنەناو دەفرێکەوە ئەو ماددانەی دەکرێت بەسەریدا، کە بتوانێت ئاگربگرێت، وەکو تۆزی دار، یان ڕۆژنامە. ئەم تەکنیکە بۆ برسیکردنی پارچەکە لەگەڵ ئۆکسجینەکە بەکاردێت بۆ کارلێککردن (تفاعل) (محمد، ٢٠٢٤، ل٦٦)، وەک لە وێنەی (٢-٢) دیارە، هەندێک ڕەنگ دروست دەکات کە هەندێکجار لەناکاوە(صدفە). لەبەرئەوەی کاربۆنەکە لە خودی

گڵەکە وەردەگیرێت، نەک شووشە، ئەمەشدەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک ناوچە ڕەنگێکی ڕەشی ماتیان هەبێت، لەبەرئەوەی لە گەرمییەکی زۆرەوە بە خێرایی سارددەکرێتەوە لە ناو ئەو ماتریاڵانەی کە ئاماژەمان پێکرد، ڕووبەرێکی ناوازە دروستدەکات، هەرگیز دڵنیاییەک نییە، کە پارچەی کۆتایی چۆن دەبێت. ڕاکو لە بنەڕەتدا هەموو جارێک دیزاینێکی ناوازە دروستدەکات، بۆیە کەمتر کۆنترۆڵی دەرئەنجامەکەی هەیە. ئەم تەکنیکە لە ژاپۆن و چین و ئەمریکا زۆرترین بەکارهێنەری هەیە، و فرەچەشنیی کلتووریی ئەم وڵاتە جیاوازانە وایکرد، تەکنیکی ڕاکۆ تایبەتە بە کلتور، بۆیە ڕاکۆ تەکنیکی زۆری هەیە (Das, 2023,p4 ).



وێنەی (٢-٢) کاتێک بەرهەمەکە دەخرێتە ناو دەفرێکی ئاسنەوەو پاشان سەری دادەخرێت


### ٢-٣-٢ تەکنیکی شووشەی مایۆلیکا Maiolica glass technique

تەکنیکی شووشەی مایۆلیکا: شووشەی مایۆلیکا بە یەکێک لە شووشە پلە گەرما نزمەکان هەژمار دەکرێت. کە بریتییە لە داپۆشینی گڵجۆشەکە بە ڕووپۆشێکی سپی، واتە بەرگێکی شووشەیی، کە وەک باکگراوندێک بۆ داپۆشینی ڕووکاری بەرهەمە هونەرییەکان بەکاردەهێنرێت تا دواتر ڕەنگی تری لەسەر بەکاردەهێنرێت بۆ ڕازاندنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕەنگی کەم بەکاردەهێنرێت و پێویستی بە کوورەیەکی کارەباییە، بۆیە بە تەکنیکێکی تەواو گونجاو دادەنرێت. و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیتاڵیا، کە سەرەتا لەوێ بەکارهێنراوە سوود لە خامە ڕەنگدارەکان وەرگیراوە بە مەبەستی ڕەنگکردن لەسەر ڕووکارەکانیان لەوانە (ئۆکسیدی ئاسن و کۆباڵت، مەنگەنیز و قورقوشم وهیماتایت...هتد، بە تایبەتمەندیی جیاواز و شێوازی جیاواز بەکارهێنراون(محمد، ٢٠٢٤، ل٧٠) .

### ٣-٣-٢ تەکنیکی جۆشدان بە دووکەڵ Smoke excitation technique

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە چەندین هونەرمەندی سیرامیکی، کارو بەرهەمی سەرسورهێنەر پێشکەش دەکەن تایبەت بە جۆشدانی دووکەڵ، واتە بەو مانایەی، کە ئەوان شتێکی تر بەکاردەهێنن جگەلە کوورەی غاز، یان کارەبایی تەقلیدی بۆ ئاگردانی گۆزە و پەیکەرەکانیان. بۆ ئەم گۆزەچییانە پرۆسەی گردانەکە هەنگاوێکی بنەڕەتییە لە دروستکردنی هونەرییاندا، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دیمەنی پارچە تەواوکراوەکان هەیە. ئەم شێوازانە زۆرجار لە ڕووی فیزیکییەوە، کاتێکی زیاتریان دەوێت لە پراکتیکی گڕدانی تەقلیدی، بەڵام ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستیدەهێنن سەرسورهێنەرن. چونکە لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، گڕدانی چاڵ بریتییە لە هەڵکەندنی چاڵێک لە زەویدا (بەزۆری ٢-٣ پێ قووڵدەبێت بەپێی ئەوەی پارچەکانت چەندە گەورەن و چەند گڕی دەدەیت)،

دانانی پارچە گڵەکانت لەناو چاڵەکەدا، بە داپۆشینی ماددەی سووتێنەر، ئاگری تێبەردەدرێت و دواتر ڕێگەبدرێت ئاگرەکە بە هێواشی بسووتێت لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، کە ٢-٥ کاتژمێر و لە ٨ کاتژمێر زیاتر نەبێت، چونکە لەوانەیە ڕەنگەکان لەناوبدات، دواتر پارێزەر دەدرێت لە ڕووکارەکە، (Nelson,1966,P207)، وەک لەوێنەی (٢-٣)دا دیارە.




وێنەی (٢-٣) دروست کردنی چاڵە گڵێک بۆ سوتاندنی گۆزەکان

## ٢-٤ شووشە پلە گەرما بەرزەکان Stoneware glaze

### ٢-٤-١ تەکنیکی شووشەی خوێ The salt glaze technique

شووشەی خوێ بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ناو بواری هونەری سیرامیک هەژماردەکرێت، کە لە ڕووی هونەرییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و تەکنیکێکە بەردەوام لە پەرەسەندندایە و گرنگیپێدەدرێت، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی چەندین سەدەیە، مێژووی شووشەکردنی خوێ لە ئەڵمانیا لە ناوچەی (ڕاینلاند) لە نێوان سەدەی (١٣–١٤) دەستیپێکرد، هەرچەندە لە (ئینگلتەرا) تا دوای سەدەی پازدەهەم بەناوبانگ نەبوو. ڕاینلاند بە کانگاکانی گڵی پاک ناسرابوو، بۆیە شوێنێکی تەواو بوو بۆ داهێنان لە بواری سیرامیکدا کە پەرەی پێبدرێت وەک لە وێنەی (٢-٤)دا دیارە، لە سووتاندنی خوێدا خوێی درشتی تەڕکراو، واتە کلۆریدی سۆدیۆم لە پلەی گەرمیی جەستەی گڵەکەدا فڕێدەدرێتە ناو کورەکەوە، کە بەهۆیەوە ئەو سلیکایەی لە ڕووی جەستەی گڵەکەدا هەیە کارلێک لەگەڵ سۆدیۆم دەکات و پۆشاکێکی شووشەیی دروستدەکات، هەروەها پلەی گەرمیی ناو کوورەکە لانیکەم دەبێت ١١٠٠پلەی سەدی بێت. تا خوێکە زیاتر فڕێبدرێتە ناو کوورەکەوە، زیاتر شووشەکە ئەستورتر دەبێت، زۆرجار بەرهەمەکان ڕەنگێکی پرتەقاڵیی زۆر جیاوازیان هەبوو. شووشەیەکی بریقەدارو نیمچە رووناک دروستدەکات، زۆری نەخایاند گۆزەچییەکان درکیان بەو کاریگەرییە جۆراوجۆرانە کرد، کە دەتوانیت بە بەکارهێنانی خوێ لە پرۆسەی سووتاندنەکەدا دروستیبکەیت. (محمد، ٢٠٢٤، ل٧٦-٧٧)



وێنەی (٢-٤) شووشەی خوێ لە تەکنیکێکی بەرزدا لە شێوەی دەفرێکدا پیشان دەدات

## ٢-٤-٢ شووشەی خۆڵەمێشی Ash glaze

بە یەکێک لە تەکنیکە دێرینەکان دادەنرێت، کە بۆ یەکەمجار لە چین سەریهەڵدا، لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندان بەردەوام لە هەوڵ و گەڕاندا بوون بۆ دۆزینەوەی شێوازو تەکنیکی جیاواز تایبەت بە هونەری سیرامیک، ئەگەرچی لەناو سیرامیک و شووشەی سیرامیکدا هەمێشە لەناکاو بوونی هەبووە، لەم نێوەندەشدا شووشەی خۆڵەمێشی، یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کە لەناکاو دۆزرایەوەو هەوڵی پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی درا.

شووشەی خۆڵەمێشیی دار، یان بە دروستتر، خۆڵەمێشی ڕووەکی ئۆرگانیک، ٢٠٠٠ ساڵە وەک پێکهاتەیەک بۆ پەرەپێدانی شووشە بەکارهاتووە. مێژوویەکی دێرین و شێوازێکی تەقلیدییە، ئەو شووشانەی بەرهەمیدەهێنێت ڕەنگی سروشتین، ئەو شووشانەی کە لە خۆڵمێشی دار دروستدەبێت، ڕەگێکی توندیان لە نەریتەکانی سیرامیکی ئاسیادا هەیە و لە زۆرێک لە بڵاوکراوەکاندا باسکراوە، کە باس لە شووشەکانی ئەو ناوچەیە دەکەن. خۆڵەمێشی ئۆرگانیک لە پاشماوەی سووتاوی دار و دارستان و چیمەن و تەنانەت سەوزە و میوەشەوە دێت. بەوپێیەی پێکهاتەی خانەیی ئەوان ڕزق و ڕۆزیی کانزایی خۆی لە خاکەوە وەردەگرێت، لۆژیکییە گریمانەبکەین، کە پاشماوە، یان خۆڵەمێشی ماددە سووتاوەکەش ئەو کانزایانە لەخۆدەگرێت.

## ٣-٤-٢ تەکنیکی شووشەی پۆرسەلین Porcelain glaze


بە یەکێک لە پلە گەرما بەرزەکان هەژماردەکرێن، لەو کاتەوەی کە چینییەکان *(پۆرسەلین)یان داهێنا، دوای ئەوەی کائۆلینیان دۆزیەوە، کە گڵێکی سپیی پاکە، کە لە وردە فێڵدسپار و بەردی گرانایت و جۆرێک لە کوارتزی بۆ زیاددەکرێت، کە ئەمەش پلەیەک شەفافیەت بە کەلوپەلی پۆرسەلین دەبەخشێت، ئەم ماددانە وردەکرێن و تێکەڵ بە ئاو دەبن، بۆیە دروستدەبن کە ئەویش هەویرێکە بە دەست، یان بە هەر شێوازێکی تری دەستی و میکانیکی دروستکردن دروستدەکرێت، پاشان دەخرێتە ژێر پلەی گەرمیی بەرزەوە، هەویرەکە دەتوێتەوە و دەگۆڕێت بۆ

*پۆرسەلین: ماددەیەکی سیرامیکییە کە بەگەرمکردنی کەرەستەی خاو دروست دەبێت، وە پلەی گەرمی زۆر بەرزە، بەگشتی کائۆلینایتیش دەگرێتەوە، وە بەهێزو نیمچە ڕوناکە بەبەراورد بە کاری سیرامیکی تر

ماددەیەکی شووشەی بریقەداری ڕەق (الدسوقی ،٢٠١٦،ص٧٦)، هەندێکجار وا ڕوویدەدا، کە سیرامیکسازەکان پرواى بەمجۆرە سپییە نەبووە، هەربۆیە هەویرەکە، واتە بەرهەمەکانیان دادەپۆشی، پێش ئەوەی بە چینێک پاوەدەری شووشە جۆش بدرێت، پاشان لە فڕنەکەدا دەیسووتێنێت. هەندێکجار ئەم شووشەیەی دەخستە سەر هەویرەکە، دوای ئەوەی بە ئاگر جۆش دەدرێت، دواتر دووبارە بەرهەمەکە جۆش دەدرێتەوە. زۆرجار شووشەکە ڕەنگاورەنگ بوو، بەڵام هەویرەکە زۆرجار پێش ئەوەی ماددەی شووشەی شەفافەکەی بۆ زیاد بکرێت، یان چینێک ڕەنگ بکرێت، هەڵدەکەندرا و ڕەنگ دەکرا، واتە بە شێوەی هەڵکۆڵین.

### ٢-٤-٤ چاپی گرافیکی، یان تەکنیکی گرافیکی لە هونەری سیرامیکدا Graphic techniques in ceramic art

بە یەکێک لەو تەکنیکە نوێیانە دادەنرێت لە هونەری هاوچەرخدا، کە دەتوانرێت لە کاری هونەری سیرامیکدا سودی لێببینرێت، هاوشێوەی چاپی گرافیکی، کە بریتییە لە گواستنەوەی وێنەیەک لە قاڵبێکی ئامادەکراوەوە بۆ سەر ڕووکارێکی دیکە، کە دەتوانرێت هەمان پرۆسە دووبارەبکرێتەوە، واتە کاتێک کە وێنەکە ئامادەدەکرێت، دەتوانین چاپی بکەین و چەند جارێک دووبارەیبکەینەوە لەسەر رووکاری ئەو پانتاییەی، کە هەمانە قوماش، یاخود تەختە، یاخود هەر بەرهەمێکی دی بە بەکارهێنانی مرەکەب و چەند ئامڕازێکی دیکە، هەروەها دەتوانرێت شێوازو تەکنیکی جیاواز بەکاربهێنین، هەروەک دەتوانین لەسەر خامەو ماتریاڵی جیاواز بەکاریبهێنین، فرە ڕەهەندی و بەرفراوانیی چاپی گرافیکی وایکردووە، کە شیکردنەوەو پێناسەی جیاجیا هەڵدەگرێت بۆ ئەم هونەرە، کە ڕەنگە لە دیدو تێڕوانینی هونەرمەندانەوە لە هەندێک تەکنیک و شێوازی جیاوازەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، و لە هەندێک ڕێگاوە یەک دەگرێتەوە، ئەمە جگەلەوەی بەردەوام لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەردەوامدایە، وەک لە وێنەی(٢-٥)دا دیارە، (ڕەشید، ٢٠٢٠،ل٤٥).




وێنەی (٢-٥) کاری هونەرمەند گرایسۆن پێری Grayson Perry


*گرایسۆن پێری، لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری ئێسێکس لەدایکبووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی بەناوبانگی تێرنەری وەرگرتووە، کە یەکەمجار بوو خەڵاتی سیرامیک بدرێت. لە مۆزەخانەی پێرا بە نمایشێکی تاکەکەسی لە ساڵی ٢٠١٦ بە ناوی "Grayson Perry: Small Differences" ئەو بە گوڵدانەکانی سیرامیک ناسراوە، کە فۆڕمی کلاسیکییان هەیە و بە ڕەنگی گەش ڕازێنراونەتەوە، بابەتگەلێک وێنا دەکەن کە لەگەڵ سیما سەرنجڕاکێشەکەیاندا ناکۆکە.

## بەشی سێهەم ( رێکارەکانی توێژینەوەکە ) Procedures of the study

١-کۆمەڵگەی توێژینەوە / بریتییە لە کۆمەڵێک بەرهەمی سیرامیک کە هاوشانە بە تەکنیک و شوشەی سیرامیکی هاوچەرخ کە لەلایەن ژمارەیاک هونەرمەندی جیهانییەوە بە ئەنجام گەیەنراوە، کە گونجاوە لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەداو وە بووەتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە .

٢- نموونەی توێژینەوە / توێژەر سێ کاری دەست نیشان کردووە کە تەکنیک و شووشەی تیا بەرجەستە کراوە، کە پەیوەستە بە بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەوە .

٣- میتۆدی توێژینەوە / توێژەر لەم توێژینەوەدا میتۆدی (وصفی) بەکارهێناوە، وە پاشان شیکردنەوەی کردووە بۆ نموونەکان کە گونجاوە لەگەڵ بەرهەمەکاندا .



**نمونەی یەکەم**

هونەرمەند/ ماهیر سامرائی

بەرهەمەکە تۆپێکە

ماتریاڵ و تەکنیکی بەکارهاتوو/ گڵ لەگەڵ پێکهاتەی شووشەی

سیرامیک بۆ نوسین و چاپ بەکارهاتووە

پێوانە/ تیرەکەی ٦٣ سم

ساڵی جێ بە جێ کردن/ ١٩٩٦

بەشێوەی بینا دروست کراوە

## شرۆڤە کردن :

کارەکە بەشێوەی تۆڕێک دروست کراوە، لە شێوەی لاپەرەیەک کە دەکەوێتە ناوەراستییەوە و بەرهەمەکەی داپۆشێوە، ڕەنگی قاوەیی و هەنگوینی بونی هەیە لە بەرهەمەکەدا لەگەڵ ڕەنگی ئاڵتونی وە پاشان لە تۆپەکەدا ڕەنگی شینی پیرۆزەیی بەکارهێنراوە .

## شیکردنەوەی بەرهەمەکە :

کارە هونەرییەکە لە دوو شێوەدا بەرجەستە کراوە لەناو یەکدا کە شێوەی بازنەییە وە لە ناوەراستەکەشیدا شێوەیەکی ئەندازەیی بونی هەیە کە لە شێوەی لاپەرەیەکدایە کە بە ڕەنگی قاوەیی ڕەنگ کراوە، بەڵام بەشێوەی پلە بەندی ڕەنگەکان بەکار هاتووە واتە ڕەنگی کاڵ وە ڕەنگی هەنگوینی (عەسەلی) بونی هەیە، لە ناو ئەم فۆرمەشدا لەکێشەیەکی دی هاوشێوەی لاپەرەیەکی دی دروست کراوە، واتە دوو لاپەڕە لە ناو یەکدا یەکێکیان گەورەو ئەوی دی بچوکترە، وە بەڕەنگی سپی نەخشێنراوە کە وشەی عەرەبی لەسەر نەخشێنراوە بە تەکنیکێکی باش گونجاندویەتی لە ناو فۆرمە ئەندازەییەکاندا . جگەلەوەش لە هەندێک شوێنیدا ڕەنگی ئاڵتونی بەکارهێناوە کە دەتوانین بڵێین ئەم لەپەڕەیە هاوشێوەی لاپەڕەیەکی قورعانە، یاخود دەتوانین بڵێین لە لاپەرەیەکی دێرین دەچێت، لە ناو کارێکی هونەری هاوچەرخدا جێگەی کردۆتەوە، وە ئەم فۆرمە وەک شێوە ئەندازەیی دەبینرێت هەروەک چۆن زۆرێک لە هونەرمەندەکان لە ئێستادا لە ناو بەرهەمەکانیاندا پەیرەوی دەکەن و بەکاری دەهێنن .

ئەگەر وردتر بروانینە بەرهەمەکە، دەکرێت بڵێین کاریگەری شارستانییەتی ئیسلامی لەسەر ئەم بەرهەمە دەبینرێت، کەلەسەر فۆرمێکی لاکێشەیی لە ناو فۆرمێکی بازنەیی جێگیرکراوە یان بە هەر بیرۆکەیەکی تر دایناییت کارە سیرامیکییەکە دەتوانین بڵێین لەگەڵ هونەری سەردەمدا یەکان گیر دەبێت و یەک دەگرێتەوە، و لەناو بەرهەمەکەدا بابەتی ئایدۆلۆجی و یان ئێستاتیکی لەخۆ گرتووە کە بینەر ئاراستە دەکات بەرەو تەفسیرێکی وەها کە رەنگە ئاستی چێژی بینەر بەرەو ئاسۆیەکی نادیار بەرێت چونکە کاریگەری ژێدەری جۆراو جۆرمان بۆ دەردەخات لە خستنە گەری پێگەی ئێستاتیکی .

بۆیە بە گشتی دەتوانین بڵێین هونەرمەند هەوڵی داوە بابەت و تەکنیکی شووشە لەناو بەرهەمەکەیدا کۆ بکاتەوە لە ڕووی فۆرم و ڕەنگیشەوە، لە هونەرێکی هاوچەرخدا پیشانی بدات، هەروەها بەرەو فۆرمێکی تەجریدی بردویەتی وە گرنگی زۆری داوە بە بەکارهێنانی رەنگ و گونجاندنیان بەیەکەوە لەگەڵ ئەو ووشەخوازانەی کە بووەتە مۆرکێکی تایبەت بە هونەرمەندەکە .

**نمونەی دووەم**



ناوی هونەرمەند/ رۆبەرت ئارنیسۆن

ناوی بەرهەم/ تەلەفزیۆن

ساڵی بەرهەم هێنان/ ٢٠٠٠

ماتریاڵ و تەکنیکی بەکارهاتوو/ گڵ لەگەڵ پێکهاتەی کیمیایی شووشە

پێوانە/ ٥٥ بە ٦٥سم

شوێنی کارەکە/ لە مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن

**شرۆڤەی گشتی :**

کارێکی سیرامیکی چوارگۆشەییە لەسەر بنکەیەکی لاکێشەیی دادەنرێت، بە تەکنیکی شووشەی ڕاکۆ دروست کراوە، ئەو ئامێرە تەلەفزیۆنییە کە لە ناوەوە شێوەی مرۆڤێک هەیە کە رووی پیاوێکە لە ناوەراستی کاردا، فرە ڕەنگ و تایبەتمەندی واقعی تێدایە، بەڵام ئەو ڕەنگە گشتییەی کە لە چوارچێوەی دەرەوەو وە لە مەودای کارکردندایە لە نێوان ڕەنگی ئاڵتونی تۆخ و وە ڕەنگی وەنەوشەیی دایە .

**شی کردنەوە :**

دروست کردنی ئەم مۆدێلە بەرەو تێکەڵ کردنی فۆرمی ئەندازەیی و فۆرمی واقعی لە بنیادێکی یەک پارچەییدا دەبینرێت، وە ئەم بیرۆکەیە بەشێکە لە واقعی کۆمەڵایەتی، وە هەریەکێک لەو ووشە گەلانەی کە بەکاردێت لە رۆژانەدا، وە هونەرمەند هەوڵی داوە باوترین و کەمتر جوانیناسییەکان بەرجەستە بکەن بۆ لەخۆ گرتنی دراوێک لە چوارچێوەی هونەری پۆپدا، بە جۆرێک کە یەکانگیربێت لەگەڵ هونەری هاوچەرخدا.

وە بەرجەستە کردنی (تەلەفزیۆن) بە شێوەیەکی سادەو ئاسان، وە بەشێوەیەکی سەرەکی هەوڵی داوە بۆ دروست کردنی ڕوخساری مرۆڤ تاوەکو لەم مۆدێلەدا وەک کەرەسەیەکی پرو پاگەندەو ڕاگەیاندن بەکاری بهێنێت. بەجۆرێک گونجاندویەتی کە لەگەڵ تەکنیکی شووشەی سیرامیکەکەدا هەماهەنگبن.

بەهای ڕەنگی ئەم مۆدێلە زۆر گرنگە لە رێگەی بەکارهێنانی رەنگە بنەرەتییەکانی رەنگی سورو زەردو شین بە ستایلێکی هونەری بۆ دەرخستنی دەمو چاوەکەو دەربرینی گوزارشتی جوانیناسیەکان.

ئەو ئاماژە کردنەی کە لە ناوەڕاستدا دایناوە بۆ دەرپرینی بیری سیرامیک سازەکەیە لە بیرکردنەوەو ڕوحییەتی ئێستادایە.

لەم مۆدێلەدا پشتی بەستووە بە بابەت و تەکنیک، کە نوێنەرایەتی واقع دەکەن وە پەیوەستیشی کردۆتەوە بە جیهانی پیشەسازییەوە .

لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە هونەری هاوچەرخدا هەوڵیداوە بە تێکەڵ کردنی فرمی مرۆڤ و وە پەیوەست بوون بە جیهانی پیشەسازییەوە بەدەست هاتووە، هەروەها پشت بەستن بەلایەنی ڕەنگ و تەکنیکی و کە ئەمەش هونەرمەندەکەیە کە توانیویەتی بۆ پروپاگەندەی میدیا لە ڕێگەی تەکنیکی شووشەی سیرامیک و کارێکی سیرامیکەوە لەسەر بنەمای سادەو زیادەڕەوی لە فۆرمەکەدا بەرجەستە بکات و ئەو ئاماژانە بەکاربهێنێت کە گوزارشت لە بیرو روحیەتی هونەری پۆپ دەکات لە هونەری هاوچەرخدا .

**نمونەی سێهەم**



ناوی هونەرمەند/ میونغ جین کیم

بابەت/ بەهەشت

پێوانە/ ١٢ بە ١٢ بە ١٥،٥سم

ماتریاڵ و تەکنیکی بەکارهاتوو/ گڵی پۆرسەلین لەگەڵ پێکهاتەی کیمیا

جێ بەجێ کردنی کارەکە/ ٢٠١٦ تەکنیکی چاپ

http://archiebray.org/ سەرچاوە :

**شرۆڤەکردن :**

هێڵەکان بەشی زۆری فۆرمەکان دەگرنەوە، وە لەناو کارەکەدا باڵندە نوێنەرایەتی کارەکە دەکات، ئەمە جگەلەوەی کە باڵندەکەو دارخورماکە بەشێکی زۆری کارەکەی داپۆشیوە. وە بەشی سەرەوەی بە شینێکی تاریکی داخراو داپۆشراوە .

**بۆ شیکردنەوە :**

وەهمە بینراوەکان لەم مۆدێلەدا لەسەر دوو تەوەری سەرەکی دایانمەزراندووە،

یەکەمیان، ڕەنگە

دووەمیان، کۆنتراستە ( بەرهەمەکە بەتەکنیکی چاپ بەئەنجام گەیەنراوە)

قەبارەی شێوەکان لەڕێگەی بەرزو نزمی و فێڵی ڕەنگ و جیاوازی قەبارەو هونەرمەندەکە توانیویەتی ڕەهەندی سێهەم بدۆزێتەوە کە نوێنەرایەتی کارەکە دەکات .

ئەو ڕەهەندەش لەبەرچاوە کە دیمەنی سروشتیمان پیشان دەدات لەسەت ڕووی بەرهەمەکە، دیمەنە سروشتییەکە وا پێشنیار دەکات کە وەرگرەکە وشەگەلێکی هەبێت و لەناو قەفەزێکدا دانراوە، لە کاتێکدا کە تەخت بێت لە ناوهێڵێکی ستونی کە گوزارشت لە شێوەی قەفەزەکە دەکات، کە

پێشنیاری وەهمێکی زەینی دەکات کە نکۆڵی لە وێنەی راستەقینە دەکات لەبەرژەوەندی وێنەی خەیاڵیدا .

لەم بەرهەمەدا هونەرمەند جەختی لەسەر بۆشایی ناوەکی کردووە کە بە بەرزی جیاوازو وە بەکارهێنانی ڕەنگی فێڵاوی بە دەست دەهێنێت .

ئەو ڕەنگەی کە ڕەهەندی سێهەم پێشنیار دەکات، قەبارەی شێوەکان و بەدەرکەوتنیان بۆ وەرگر لەسەر بنەمای تەکنیکی ڕەنگ و هێڵە کە ئەمەش وای کردووە بە شێوەی (خداع) بکەوێتە بەرچاوی بینەر لەناو کاری هونەرییەکەدا.

هونەرمەندەکە هونەریان بەستەوە بە زانستەوە و لەسەر هەمان رێگا دایاننا بۆ گەیشتن بەو فۆرمانەی کە وەهم دیاری دەکات .

بینین لەسەر بنەمای دەرکەوتنی فزیۆلۆژییەکان کە بە (خداع) ی ڕەنگ و کۆنتراستی قەبارەو قووڵایی ڕوانگە پیشان دەدرێت کە تێیدا گەشە دەکات، هەروەها هێڵ و رەنگی بارستەو بۆشاییەکەی لە ناو قاڵبەکانی هەڵخەڵەتاندنەکاندا دووبارە وەهمێکی بینراو بەدەست دەهێنێتەوە .

## بەشی چوارەم

### ئەنجام:

توێژەر لە میانەی توێژینەوەکەیدا گەیشتە ئەو روانگەیەی کە ئەنجامەکان بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە ( زانینی گرنگی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا) هەروەک ئەوە دێت :

١- ئاشنا بونمان بە گرنگی شووشەی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا ، هەروەکو لە نمونەکاندا دەرکەوتووە کە رەنگ دانەوەی هەیە لە کاری هونەری هاوچەرخدا . (هەروەک لە نموونەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم)دا

٢- کاری تەکنیکی شووشەی سیرامیکی لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخدا جێگیر نییەو لە گۆرانکاری و بەرەو پێش چوندایە وەک لە نموونەکانی (یەکەم و دووەم)دا

٣- هونەرمەندانی سیرامیک لە کاری هونەری هاوچەرخدا توانیویانە کە تەکنیک و تەکنیکی شووشە لەگەڵ بەرهەمەکەدا بگونجێنن و بەشێوەیەکی گونجاو گوزارشتی لێبکەن.

٤- لەسەرجەم نموونەکاندا بەشێوەیەکی جوان بەرهەمەکان هارمۆنین و نەخشێنراون و لە ئاستێکی بەرزدان.

٥- لە هەندێک نموونەکاندا کەسایەتی هونەرمەندەکان رەنگدانەوەی هەبووە لە کارەکانیاندا .

٦- لە تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە هونەری هاوچەرخدا هەندێک جار توانیویانە کە بیرۆکەی کۆن و نوێ لە کارێکی تازەدا بگونجێنن وە بەهای جوانی پێببەخشن. وەک لە نموونەی (یەکەم)دا

٧- هەندێک جار هونەرمەندان هەوڵیان داوە کە لە شێوازە تەقلیدییەکان دەربچن و یەکان گیربن لەگەڵ هونەری سەردەمدا بەرادەیەک کە بەرهەمەکانیان بچێتە ناو مۆزەخانە جیهانییەکانەوەو نمایش بکرێن . وەک لە بەشی دووەم توێژگەی یەکەم وێنەی(١-١)دا

**دەرئەنجامەکان:**

١- هونەرمەندانی سیرامیک لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری هاوچەرخ بە جۆرێکە کە توانیویانە تەکنیکی شووشەکە بگونجێنن لەگەڵ کارەکەدا.

٢- بەستنەوەی تەکنیکی کۆن و نوێ وە زاڵبوون بەسەریدا لە بەرهەمێکی هونەری هاوچەرخدا .

٣- داتاکانی رەهەندی فیکری و رەمزی لە تەکنیکی هەندێک لە کارەکاندا خۆی نمایش کردووە.

٤- فرە تەکنیکی شووشەی سیرامیک بەکارهاتووە لە هونەری هاوچەرخدا .

**ڕاسپاردەکان:**

١- توێژینەوە دەربارەی ( تەکنیکی شووشە ) لە هونەری سیرامیکدا گرنگییەکی زۆری هەیە لەلایەن توێژەران و هونەرمەندان و فێرخوازانەوە چونکە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان لە کاری سیرامکدا بۆیە پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت بەتایبەت لە ناو فێرخوازانی هونەردا .

٢- فراوان کردنی تاقیگەکان تایبەت بە شووشە کردنی سیرامیک تاوەکو زۆرترین تاقیکردنەوەی تیادا بکرێت .

**پێشنیار:**

توێژەر پێشنیار دەکات ئەم توێژینەوانە ئەنجام بدرێت :

١- تەکنیکی شووشەی سیرامیک لە هونەری شێوەکاری عێراقی هاوچەرخدا .

٢- ڕێگاکانی شووشە کردن لە کاری سیرامیکی لە هونەری هاوچەرخدا .


ملخص

عنوان هذا البحث هو (أهمية الزجاج الخزفي في إنتاج الأعمال الفنية المعاصرة) وخصائص التقنية والجماليات في فن الخزف الجديد.

يتكون هذا البحث من أربعة فصول يتكون الفصل الأول من إطار العام للدراسة، الذي يتضمن مشاكل البحث وأسئلة محددة، وما هو تأثير تقنية الزجاج في صناعة الخزف المعاصر؟

تكمن أهمية البحث في التعرف على تقنية الزجاج وأثرها في فن الخزف، ثم التعرف على نطاق البحث حول أهمية الزجاج الخزفي في إنتاج الأعمال الفنية المعاصرة بين عامي (١٩٩٥-٢٠٢٠)، ثم تحديد وتعريف مفهوم المصطلحات

أما الفصل الثاني فيتكون بحثين، المبحث الأولى عن فن الخزف المعاصر والمحث الثاني عن الخصائص الفنية والجمالية للسيراميك وعملية صناعة الزجاج، ثم عرض بعض الأمثلة واستخدمها الباحث لمزيد من التوضيح في الإطار النظري. ثم خصص الجزء الثالث لإجراءات البحث، حيث اعتمد

الباحث في هذا البحث على المنهج الوصفي، ومجتمع البحث يضم (٦) أعمال خزفية، وتتكون عينة البحث من ثلاثة أعمال خزفية معاصرة حددها الباحث وقام بتحليل العينات.

أما الفصل الرابع فقد تضمن أهم النتائج:

ومن بين منتجات السيراميك، يتم إيلاء الاهتمام الكامل للون والزجاج وتقنيات العمل

وفي ضوء النتائج والمناقشة جاءت أهم الاستنتاجات كما يلي:

-دور التقنيات في أعمال السيراميك وملاءمتها لزجاج المنتج.

وفي نهاية الدراسة توصيات ومقترحات حول هذه الدراسة

تليها المصادر وملخص باللغة العربية.

## سەرچاوەکان:


١- ابابيل،محمد عبيس:تقنيات الزجاج وتاثيرها الجماليه علا المنجز الخزفي المعاصر،رساله ماجستير منشوره،جامعه بابل للعلوم الانسانيه،مجلد ٢٧،عدد ٥، ٢٠١٩ .

٢- إلاس، سالم الناسح، دور التقنيات التشكيلية في البنية الخزف المعاصر، كلية الفنون واإلعالم، جامعة طرابلس، مجلة اإلعالم والفنون السنة األولى العدد الثالث، أكتوبر 2021.

٣- رباب،سلمان كاضم:ملامح ما بعد الحداثه وتجلياتها في الخزف الامريكى، رساله ماجستير منشوره،جامعه بابل،كليه فنون الجميله،قسم تشكيلي،مجله مركز بابل للدراسات الانسانيه،مجلد٤ عدد٢،ص٢٨٣

٤- ڕەشید، ئاوارە هیوا (٢٠٢٠)، کاراکردنی شێواز و تەکنیکی چاپی گرافیکی لەهونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستاندا، نامەی ماجستێر، بڵاونەکراوەتەوە، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

٥- الزبيرى، عاصم، التصميم والتزين الزجاج، جامعة بيروت، العلوم الانسانية، كلية فنون جميلة، فرع خزف، رسالة ماجستير،٢٠٢٢.

٦- السلطاني،علي فلاح:استخدام تقنيات حرق متنوعه ومتغيراتها على السطح الخزفي،رساله ماجستير غير منشوره ،جامعه بابل ، كليه فنون الجميله،٢٠١٣.ص ٥٠-٥١.

٧- صاحب، حيدر عبدالصاحب،(٢٠٠٥)، استخدام خامات محلية لتحضير زجاج خزف جاهز(FRITTED GLAZE)، رسالة ماجستير، غير منشورة.

٨- فهمي، ايثار، عمر الخفاف، السمات الجمالية للتركيب الشكلي في الخزف العراقي المعاصر، رساله ماجستير، غير منشوره، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، ٢٠٠٨.

٩- فيكتور، سبينسكى، خريسات، هلا، معلومات_عن_فن_الخزف_المعاصر، ٢٠٢٢، ل١.

١٠- القيسي، فوزي عبدالعزيز القيسي، تقنيات الخزف والزجاج، دارالشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣.

١١- محمد، ڕۆژگار کەمال، توانای خاوەکانی کوردستان لە بەکارهێنانیان بۆ ڕەنگکردنی ڕوپۆشی بەرهەمە هونەرییە سیرامیکییەکان، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤.

١٢- نبيل, راضي عبد العابدي، سمات التعبير في الخزف العراقي المعاصر، جامعة بابل/كلية الفنون الجميلة، مجلة جامعة بابل، العلوم الانسانية، المجلد٢٢، العدد١، ٢٠١٤.

## سەرچاوەی بەکارهاتو بە زمانی ئینگلیزی:

1- artincontext (23-12-2021), "Famous Ceramic Artists – Looking at the World's Best Pottery Artists", artincontext, Retrieved 24-1-2022. Edited.

2- Das, Debasish,(2023),April, Technical Diversity of Raku-Ceramics: AnAnalysis of Characteristics of Raku Glaze and their Application on Ceramic Body for Sustainability, AssistantProfessor, Department of Design(Ceramic& Glass), JETIR, Volume 10.

3- Nelson.Glenn(1966).Ceramic a potters Hand book. Second Edition.New york

4- Casasola,R (2012), Glass–Ceramic Glazes for Ceramic Tiles: A Review January of materials science 47.

## سەرچاوەی بەکارهاتوو لە گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:

١- محمد، ڕۆژگار کەمال، نەعیمە محمد عبدللە، تۆڵە محمد میرزا، ٢٠٢٣، کاریگەری خامەکانی کوردستانی عێراق لە نێوەندی تێکەڵەی شووشە بۆ ڕووپۆشی جەستەی بەرهەمە گڵجۆشییەکان (ئۆکسیدە ڕەنگدارەکان بە نمونە). (گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، B).

٢- محمد، ڕۆژگار کەمال ، تۆڵە محمد میرزا ، نەعیمە محمد عبدللە، ٢٠٢٣، توانای بەکارهێنانی خامەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕەنگکردنی ڕووپۆشی بەرهەمە هونەرییە سیرامیکیەکاندا. (گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، B).

## سەرچاوەی بەکارهاتوو لە گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:

١- الدسوقي، متولى إبراهيم، (٢٠١٦)، الخزف الصينى (البورسلين) صعوبات الانتاج وطرق تفاديها، المجلة العلمية لكلية التربية النوعية، العدد السادس أبريل ( جزء أول ).